# باشترین کتێبەکانی دنیا لەهەموو سەردەمەکاندا

ئا. محەمەد کەریم

٢-٢

ڕۆژنامەی تەلەگراف ١١٠ کتێبی دەستنیشانکردوە کەباشترین کتێبی هەموو سەردەمەکانن و دنیایان گۆڕیوە. کتێبەکانیش بریتیین لەکتێبی کلاسیکی، خەیاڵی زانستی و ژیاننامە، هەموویان لەیەك لیستدا نووسراون و لەگەڵ لیستەکەدا کورتەیەك سەبارەت بە (٦٧) دانە لەو کتێبانە نووسراوە. لەم بەشەدا باسی (٣٧) کتێبی کۆتایی لیستەکە بڵاودەکەینەوە.

### چیرۆکی ڕۆمانسی

**٣١-ڕیبیکا: دافنێ دو مۆرێ**

ژنی دووەمی ماکسی میلیان خاوەنی زەوی کەناری دەریا کە لەهەمان کاتدا گێڕەرەوەیەکی بێ ناوی ڕۆمانەکەشە کاریگەریی وەسفە ئازار بەخشەکانی ریبیکای کارەکەری پێشووی ماڵەکەی لەسەرە. ئەم ڕۆمانە شاکارێکی گەورەیە.

**٣٢- مردنی ئارسەر: تۆماس میلۆری**

چیرۆکی میلۆری دەیەوێت ئەو ئیدعایە بسەلمێنێت کەمەبەستی سوارچاکی لەوەدا کەبەتەواوی پابەندە بەجوامێرییەوە بۆ هاوئامانجەکانی خۆیەتی نەك لەگیان سپاردنیدا بۆ بارەگای ژنێك کەدڵی خۆی پێی بەخشیوە.

**٣٣-پەیوەندییە ترسناکەکان: دو لاکلۆس**

پاریس لەسەدەی هەژدەیەمدا: مارکیز دو مەرتۆی و ڤیکانت دو ئەلمۆنت نەخشەیەك دادەنێن بۆ ئەوەی لەڕێگای فرت و فێڵەوە کەسانی وەجاخزادە بخەنە داوەوە، فرتوفێڵە شەیتانییەکەیان دواجار بێ بەرهەمدەبێت.

**٣٤- مان، کلادیۆس: ڕۆبەرت گریڤز**

چیرۆکی ژیاننامەیەکە بەڵام دەستکردی کلادیۆسە، واتە چوارەمین ئیمپراتۆری گەورەی ڕۆمی کۆن. گریڤز بۆ نووسینەوەی چیرۆکی کلادیۆس سوودی لەدەقی مێژوویی وەرگرتووە، هەڵبەتە ئیدعای ئەوە دەکات کەخەوی بەئیمپراتۆرەوە دیوە.

**٣٥-سیانەی ئەسکەندەر: مێری ڕی نۆ**

ڕی نۆ لەسیانەیەکی مێژووییدا خوێنەران بۆ فەزای یۆنانی کۆن پەلکێش دەکات بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە ژیان و میراتی ئەسکەندەری گەورە بەوێنایەکی مرۆڤانە نمایش بکات.

**٣٦-ڕێبەرو فەرماندە: پاتریك هیبراین**

چیرۆکەکە لەفەزای شەڕەکانی ناپیلۆندا ڕوودەدات. کتێبەکانی ئیبراین دەریاکان بەفەرماندە ئیبری بریندار دەکات و لەشوێنی فەرماندەیی کەشتییەکەدا بەڕێوەدەچێ. چیرۆکەکە باس لەپەیوەندی خۆشەویستی نێوان ئیبری و ماتۆرینی دکتۆری کەشتییەکە دەکات کە لەدژی ڕاهیبێکی بودایی و لافاوێك لەجەنگدان.

**٣٧-لەگەڵ بادا ڕۆیشت: مارگرێت میچل**

سکارلێت ئۆهارا ڕێڕەوی خۆی لەناوجەرگەی شەڕی ناوخۆی ئەمریکادا دەگرێتەبەر. سکارلێت کچێکی لوت بەرزە کەسەرەتا بەخەیاڵی خۆی وێنەیەکی دەگمەنی ئاشیلی دەکێشێت بەڵام پاشان عاشقی مێردی سێیەمی واتا ڕێت باتلەر دەبێت، واتە هەمان ئەو کەسەی کە بەڕستەی (جار بەجەهەنم ئازیزم) دەستبەرداری دەبێت و درێژە بەژیانی خۆی دەدات.

**٣٨- دکتۆر ژیفاگۆ: بۆریس پاسترناك**

یۆری ژیفاگۆ عاشقی دوو ژنە، یەکێکیان تونیای ژنی و ئەوی تریشیان لارای شۆخ و شەنگ. پاسترناك لەگەڵ تاوانەکانی شەڕی ناوخۆی ڕوسیادا ئەم چیرۆکی خۆشەویستییە لەقاڵبی داستانێکی مێژوویدا دەگێڕێتەوە.

**٣٩-تێس دوبر وێلز: تۆماس هاردی**

ژن و مێردایەتیی تێس لەگەڵ ئەنجل کلێردا بەهۆی منداڵێکی زۆڵەوە کە لەسکیدایە لەبەر یەك هەڵدەوەشێت و بەگوناهبارو کەمتەرخەم دادەنرێت و دەردەکرێ، وردە وردە دەبێت بەپاڵەوانی تراژیدی چیرۆکەکە کەناتوانێت لەکۆمەڵگای پڕ ڕیاکاریی ڤیکتۆریا ڕابکات و لەکۆتاییدا دەبێتە قوربانی ئەو کۆمەڵگایە.

**٤٠-داستانی پلانتاژێنت: جین کلیدی**

کۆمەڵە چیرۆکێکە کەئیلهامی لەژیانی خانەدانی پاشایەتی پلانتاژێنتی ئینگلیزەوە وەرگرتووە. جین پلیدی یەکێکە لەچندین ناوی خوازراو کەئیلونۆر ئەلیس لەژێر پەردەی ئەواندا چیرۆکە مێژووییەکانی خۆی دەنوسی و لەساڵی ١٩٩٣دا مرد.

### چیرۆکی پۆلیسی

**٤١-مستەر ڕیپلی بەتوانا: پاتریشا های سمیت**

تیم ڕیپلی یەکێکە لەسەرنج ڕاکێشترین کارەکتەرەکانی ئەدەبی سەدەی بیستەم، گەنجێکی زۆر زیرەکە کەدەبێتە پیاوکوژێك و یەك لەدوایەك خەڵك دەکوژێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی خواستەکانی خۆی ڕەوشت دەکات بەژێر پێوە.

**٤٢-هەڵۆی ماڵتا: دیشیل هێمت**

بریتییە لەحیکایەتی سووربوون لەسەر فرت و فێڵ و ساختەچێتیی. هەروەها وەکو یەکەم نموونەی چیرۆکی پۆلیسی سەدەی بیستەم، چیرۆکێکی تەواوە بەئامادەگی پاڵەوانی تاوانبار سیم سپیدو ژنێکی ساختەچیی و تەرحکردنی چیرۆکێکی ئاڵۆز کە وردە وردە گرێکانی دەکرێتەوە.

**٤٣-شارلۆك هۆڵمز: سێر ئارتۆر کانون دویل**

یەکێك لەپارادۆکسەکانی مێژووی ئەدەب ئەوەیە کەمرۆڤێکی وەکو دویل لەدوای خوڵقاندنی کارەکتەرێکی تەواو لۆجیکی سەراپای مێژووی ئەدەبیات، بۆ خۆی ڕو لەدنیای مەعنەوی دەکات.

**٤٤-خەوخۆش: ڕیمۆنت چینلەر**

ڕەنگە بەرهەمێکی ئەدەبی گەورە نەبێت بەڵام بەکۆمەکی خوڵقاندنی چەند پاڵەوانێکی وەکو فلیپ مارلۆ کەیەکەمجار لێرەدا دەردەکەوێت چینلەر یارمەتیی پێناسەی ژانری چیرۆکی موحەقیق دەدات، پاشان فیلمی نوار لەم بەرهەمە دروستکراوە.

**٤٥-وەستا، بەرگدروو، سەرباز، جاسوس: لۆکرێ**

لۆکرێ مامۆستای ڕۆمانی جەنگی ساردەو بەسەرهاتەکانی جۆرج سمایلی جاسووسی گەورەی بەریتانیا دەگێڕێتەوە لەکاتی ئاشکراکردنی ڕووداوەکانی شەپۆل شکاندن لەمۆسکۆو مامەڵەکردن لەگەڵ خودای تۆڵەسەندنەوە کاگپ کارلادا.

**٤٦- ئەژدیهای سوور: تۆماس هیریس**

کاتێ هانیباڵ لیکتر بۆ دووەمجار دێتەوە ئاراوە دەبێتە هاوڕێی کۆنی ئێف. بی. ئای و (قوربانیش) ویل گراهام بەدوایدا دێت تا بەیارمەتی ئەو کێشەی تاوانباری سوریالی چارەسەر بکات.

**٤٧-پیاوکوشتن لەناو شەمەندەفەری خێرای ڕۆژهەڵاتدا: ئاگاسا کریستی**

خانە خۆڵەمێشییەکانی مێشکی هیرۆکۆت پوارۆ لەئەستەمبوڵەوە هەتا لەندەن تەیدەکات بۆئەوەی پەردە لەسەر ڕازی ژیان و مردنی ترسناکی موسافیرێك لابدات.

**٤٨-تاوانەکانی شەقامی مۆرك: ئەر دگار ئالان پۆ**

ئەم چیرۆکە زیرەکانەو داهێنەرانەیە باسی تاوانێکی دڕندانە دەکات کە لەسەدەی بیستەمدا لەپاریس ڕوویداوە، کارەکتەرێك بەناوی سی ئاگۆست دوپێنت وەکو پیاوێکی بەتوانای موحەقیقی تایبەت دەناسێنێت کەنموونەی زیاتری موحەقیقەکانە.

**٤٩-کچی سپی پۆش: ویکلی کولۆێنز**

حیکایەتێکی هەژێنەرە سەبارەت بەو ژنانەی لەسەدەی نۆزدەدا ژیانیان کەوتۆتە مەترسیەوەو لەقاڵبی نامە نووسیندا دەگێڕدرێتەوە، کارەکتەری شەڕانگێزی چیرۆکەکە پیاوێکی کاریزمای پاکیزەو قەڵەوە کە لەخەیاڵدا دەمێنێتەوە.

**٥٠-نوشات: ئەلمۆر لیۆنارت**

لیۆنارت تاوان نووسی بەناوبانگ لەڕێگەی دیالۆگی پڕماناو کورتی کارەکتەرە سەیرەکانییەوە بەناوبانگە. لێرەشدا تریلەر وەکو کەسێکی بەتیرو توانجی سەرنجڕاکێش دروستدەکات کەتیایدا ژن و مێردێکی سادە بەڕێکەوت دەبن بەپاڵەوانی ڕووداوەکان. تارانتینۆ فیلمی کۆمیدی جیکی براونی لەم بەرهەمە وەرگرتووە.

**٥١-نورومنسر: ویلیام گیپسون**

چیرۆکێکی پڕ توندوتیژیی و مەترسییە کەتیایدا چالاکی تەکنەلۆژیی جۆرێك لەهەستیاریی و تێگەیشتنی تاریك و ئەنارشیستی و بازاڕییانەی لەخۆگرتووە، فەزایەکە پڕە لەفروفێڵ. بەرهەمەکانی گیپسۆن لەچەند لایەنێکی دیکەشەوە بایەخیان هەیە.

### کتێبی منداڵان

**٥٢- پەڕەسێلکەو ئەمازۆنییەکان: ئارسەر ڕینسۆم**

چوار منداڵ سەفەر دەکەن بۆ دورگەی پشیلەی کێوی و لەوێ ڕووبەڕووی ئۆردوی گروپێکی دوژمن دەبنەوە، بەڵام دوایی لەدۆزینەوەی گەنجینەیەکدا یەکدگرن.

**٥٣-شێرو کۆمەدی و جادوگەر: سی ئیس لویس**

پیتەرو سۆزان و ئەدمۆندو لوسی بەڕێکەوت خۆیان لەخاکی نارنیاو جادوگەری سپیدا دەبیننەوە. ئەم ڕۆمانە سوودی لەپەیکەری مەسیح و بەسەرهاتی قوربانیی و هەستانەوە وەرگرتووە.

**٥٤- ئاغای ئەڵقەکان: سالکین**

فرودو هاوڕێکانی سەفەرەکەیان بۆ قەڵەمڕەوی تاریکی دەستپێدەکەن بۆئەوەی ئەڵقەکانی دەسەڵات لەشاخە ئاگرینەکانی ئەوی لەناو بەرن، بەدرێژایی ئەم سەفەرە بوونەوەرە بچووکەکان دەبنە پاڵەوانی نەمری چیرۆك بێژان. تائێستا زیاتر لە سەد ملیۆن دانە لەم کتێبە فرۆشراوە.

**٥٥-نیوە شەیتانییەکەی: فلیپ پولمان**

لەم کتێبە سیانییەدا ویل و لیرا کورو کچێکی دانیشتووی ئۆکسفۆردن کەسەفەری خەیاڵی دەکەن. ئەم کتێبە ڕووبەڕووی کاردانەوەی زۆر ڕەخنەگر بۆوە، خودی پۆلمان وتویەتی ئەم کتێبە دەربارەی کوشتنی خودایە. ساڵی ڕابردوو لەسەر بنەمای ئەم کتێبە سیانییە کۆمپانیای (نیولاین سینەما) فیلمێکی دروستکرد.

**٥٦- فیلێك بەناوی بابار: ژان دو برۆنۆف**

بابار کوشتنی دایکی بەچاوی خۆی دەبنێت، دوای ئەوە لەدارستانەوە دەچێت بۆ پاریس و لەوێ بەخاتوو پیر ئاشنا دەبێت. لەو ماوەیەدا جاربەجارێ دەگەڕێتەوە بۆ قەڵەمڕەوی پاشایەتی فیلەکان و لەدوای مردنی پاشا دەبێتە جێنشینی و بەسەرهاتی زۆری بەسەر دێت.

**٥٧-منالانی هێڵی ئاسن: ئەی. نسبیت**

باوکی ڕوبەرتاو پیتەرو فیلیس بەتۆمەتی درۆی فرۆشتنی زانیاری نهێنی بە ڕوسەکان دەگیرێ و زیندانیی دەکرێت. منالەکان ناچار دەبن بگوێزنەوە بۆ خانوویەك لەنزیکی هێڵی ئاسن. منالەکان هەموو ڕۆژێك دەست بۆ ئەو شەمەندەفەرانە رادەوەشێنن کەبەبەردەمی ماڵەکەیاندا تێپەڕ دەبن. منالەکان بەدوو کارمەندی شەمەندەفەرەکە ئاشنا دەبن لەبەرئەوەی یەکێکیان دەسەڵاتێکی زۆری هەیە کارێکی وادەکات بێتاوانیی باوکی منالەکان دەردەخات. ئەم کتێبە چەندین جار فیلمی سینەمایی و تەلەفزیۆنیی لێ دروستکراوە.

**٥٨- ڤینی گیل: میلنێ**

ورچێکی گێل لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەناو دارستانێکی بچووکدا دەژی، ئەم چیرۆکە کەمێك لەچیرۆکی منالان واوەترە. میلنێ لەم کتێبەدا بەدادگایی و سەرکەوتن و کاولکارییەکانی ورچی هەنگوین دۆست و دەست و دڵ باشدا بەجۆرە فەلسەفەیەکی ژیانەوە دەنووسێت.

**٥٩- هاری پۆتەر: جی کی ڕولینگ**

بەسەرهاتەکانی ئەو کوڕە جادوگەرەیە کە لەکاتی مێردمناڵییدا بەهێزی شەیتانی ئاشنا دەبێت. ئەم کتێبە هەتا ئێستا ٣٦٥ ملیۆن دانەی لێفرۆشراوەو بۆ ٦٥ زمانی دنیا تەرجومە کراوە. دیاردەی هاری پۆتەریش ڕەخنەگری خۆی هەیە، بەڵام زۆربوونی ژمارەی نوسخە فرۆشراوەکانی و ئەو کەسانەی بێ ئەوەی شەرم بکەن سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەم کتێبەن، حیکایەتێکی ترە.

**٦٠-با لەناو داربییەکاندا: کینت گراهام**

مشکەکوێرەیەکی تەنیاو بەدبەخت هەوڵ دەدات کونەکەی پاك بکاتەوە، بەڵام لەناکاو لەفەزایەکدا لەدەرەوەی ماڵەکەی خۆی سەردەردێنێت. سێ هاوڕێی خۆی دەبنێت و ژیانێکی نوێ دەستپێدەکات کەتیایدا دەبێت یەکێك لەهاوڕێکانی لەدەستی جانەوەرێك ڕزگار بکات،

**٦١- دورگەی گەنجینە: ڕۆبەرت لویس ستیڤنسۆن**

جیم هاوکینز کە هێشتا لاوەو ڕوو لە گەورەبوون و گەشەکردنە نەخشەی گەنجینەی دزەکانی دەریا لەناو کەلوپەلی کاپتنی کەشتییەکەدا دەدۆزێتەوەو بەدوایدا دەچێت. یەکێك لەکارەکتەرە سەرنجڕاکێش و پڕ ڕازو نیازەکانی جۆن سیلۆری دزی دەریایی و تووتییەکەیەتی.

**٦٢-ئامێری زەمەن: ئیچ. جی. ویلز**

ڕێبواری زەمەن سەفەردەکات بۆ دنیایەکی دوورو چیرۆکێکی پڕ بگرەو بەردەش لەخۆ دەگرێت.

**٦٣-دنیایەکی نوێی ئازا: ئەڵدۆس هوکسلی**

ئەم ڕۆمانە باسی جگەرەو مادە هۆشبەرەکان و ئارەزووی سێکسی و خۆکوشتن دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا خراپی و هیچ و پووچیی کلتوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەڕوانگەی نووسەرەوە نیشان دەدات.

**٦٤- ١٩٨٤ جۆرج ئۆرێل**

جیهانی ڕەسم کراو لەم کتێبەدا زۆر دڵسارد کەرەوەیەو لەهەمان کاتدا جێگای باوەڕیش نییە کەزاراوەی دنیای ئۆرێلی ماوەیەکی زۆرە هاتۆتە ناو زمانی ڕۆژانەوەو باس لەکۆنترۆڵی تەواوی دەوڵەتێکی توندوتیژ دەکات. ئەم ڕۆمانە دڵسارد کەرەوەو پڕکینایەو ڕۆمانسییە، لەهەمووشی زیاتر هاوارێکە بۆ ئازادی.

**٦٥-ڕۆژی تریفیدیز: جۆن ڤیندیهام**

کتێبێکی ترسناکە لەبابەتی کتێبی پەنجاکانی سەدەی بیست. بەڵام وردە وردە کە کارەکتەرەکان بەسەر کێشەکاندا زاڵدەبن ڕۆمانەکە تۆکمەو ترسناك دەبێت.

**٦٦-ئۆدیسەی فەزایی: ئارسەر. سی. کلارك**

ئەمە یەکەمین بەرهەمی چواربەرگی کلارکە کەوەکو ڕۆمان نووسیویەتی و بەهاوکاریی لەگەڵ ستانلی کوبەریکدا فیلمنامەیەکی لێ بەرهەم هێناوە. لەکاتێکدا کەدیسکەڤەری یەك بەرەو زوحەل دەچێت، کلارك مەترسییەکانی دەسەڵاتی تەکنەلۆژیی کۆمپیوتەر هۆڵی ٩٠٠٠ نمایش دەکات.

**٦٧-ئایا ڕۆبۆتەکان خەونی مەڕی کارەبایی دەبینن؟: فیلیپ کی. دیپ**

ئەم شاکارەی دیك وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کەجیاوازیی سەرەکی ئێمەی مرۆڤ لەچیدایەو پێ بەپێی ئەوە لەگەڵ ڕێك دیکارددا هاوکاردەبین لەئەرکەکەیدا بۆ لەکارخستنی ڕۆبۆتە یاخییەکان. ئەم کتێبە ئیلهام بەخشی فیلمی بلید ڕانری رایدلی سکۆت بووە.

سەرچاوە/ سایتی کتابکدە


لەگەڵ با دا ڕۆیشت


هاری پۆتەر


دکتۆر ژیفاگۆ


١٩٨٤


دنیایەکی نوێی ئازا


شارلۆك هۆلمز